# فیقهی ئاسان: پەرتوکی زەکات: دەروازەی شەشەم : ئەو کەسانەی زەکاتیان پێدەشێت وئەوانەش کە پێیان ناشێت

# الفقه الميسر: كتاب الزكاة: الباب السادس : في أهل الزكاة

< kurdish - كردي - کوردی >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئەو كەسانەی زەكاتیان پێدەشێت وئەوانەش كە پێیان ناشێت

ئەمەش چەند بابەتێك لەخۆ دەگرێت :

### بابەتی یەكەم : ئەو كەسانەی زەكاتیان پێدەشێت كێن ؟ بەڵگەكانیش لەو بارەیەوە :

ئەو كەسانەی كە زەكاتیان پێدەشێت، ئەو كەسانەن كە شایستەی ئەوەن زەكاتیان پێ بدرێت، ئەوانیش هەشت دەستە و تاقم وكۆمەڵن، كە خوای گەورە لە ئایەتێكی سورەتی ( التوبة ) دا هەر هەموویان باسكردووە، وەك فەرموویەتی : ﴿ * إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠ ﴾ [ سورەتی التوبة : 60 ] .

واتا : بێگومان زەكات بۆ ئەو كەسانەیە كە هەژارن، هەروەها بۆ ئەو كەسانەیە كە دەستكورتن و ئەوەی هەیانە بەشیان ناكات، وە بۆ ئەو كەسانەیشە كە كاروباری كۆكردنەوەو دابەشكردنی زەكات هەڵدەسوڕێنن، لەو كەسانەی ئەو كارەیان پێدەسپێررێت، هەروەها زەكات بۆ ئەو كەسانەیشە كە تازە موسڵمان بوون تا ئایینی ئیسلام بە جوانیی لە دڵیاندا جێگیر ببێت، ئەم كۆمەڵە ئەوانەیش دەگرێتەوە كە مەصڵەحەت و بەرژەوەندی گشتی وابخوازێت بەشیان بدرێت، وەك ئەو كەسە ناودارو سەرۆكانەی كە كاتی خۆی موسڵمان دەبوون و لەناو هۆزو عەشیرەتەكەی خۆیاندا قسە ڕۆیشتوو بوون، تا خراپەیان لێ نەوەشێتەوەو بێ دەنگ بن. هەروەها بۆ كڕینی دیل و ئازاد كردنیان... هەروەها زەكات بۆ ئەو كەسانەیشە كە قەرزاریی ڕوویان تێ دەكات، تا قەرزەكانیان بدەنەوەو لەژێر باری گرانی قەرز ڕزگاریان ببێت. هەروەها بۆ گشت كارێكیش كە سوودی كۆمەڵگەی موسڵمانانی تیادابێت. وەك كاروباری ڕێكخستنی غەزاو قوتابخانەو نەخۆشخانەو هەتیوخانە... وە هەر كارێكی تری بەخێرو بەكەڵك، هەروەها زەكات بۆ ئەو كەسانەیشە كە لە كاتی سەفەردان و خەرجییان لێ دەبڕێت و ناتوانن بە ئاسانی بگەڕێنەوە بۆ ماڵی خۆیان... ئەمە لە بابەتی زەكاتەوە كە فەرزێكە لەلایەن خوداوە لەسەر دەوڵەمەندەكان و دەبێت ساڵانە زەكاتی ماڵ و پارەو ماڵاتیان بدەن... خوداش زانیارو ئاگادارە كەچی بۆ ڕێكخستنی ژیانی بەندەكانی چاك و بەسوودە.. هەروەها خودایەكی دانایەو لەهەر شتێكدا كە فەرمانی پێ دەكات مەبەستێكی هەیەو لە خۆڕاو بەبێ هوودە نیە .

ڕوونکردنەوەی ئەم دەستە وتاقمانەیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە : -

1-نەداران ( الفقراء ) : فوقەراء کۆی ووشەی فەقیرە : مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە هێندەیان نیە کە پێداویستیەکانیان پڕ بکاتەوە، وە پێداویستی ئەوانەیش کە ژیانیان لەسەر ئەوە، لە خواردن وخواردنەوە وجلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوو، واتا : هیچی نیە، یان ئەگەر هەیشیبێت نیوەی پێداویستیەکانیشی پڕ ناکاتەوە، ئەم جۆرە هەژارانە لە ماڵی زەکات هێندەیان پێ دەدرێت کە بەشی یەك ساڵ پێدوایستیان پڕ بکاتەوە .

2- هەژاران (المساکین ) مەساکین کۆی ووشەی مسکینە، مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە نیوەی یان زیاتر لە نیوەی پێداویستیەکانی ژیانیان دەتوانن دابین بکەن، وەك ئەوەی کە سەد دیناری پێ بێت، بەڵام بۆ ژیان وگوزەرانی پێویستی بە دوو سەد دینار هەبێت، ئەم جۆرە کەسانەیش لە ماڵی زەکات هێندەیان پێ دەدرێت کە بەوەی خۆیانەوە بەشی ساڵێك پێداویستی ژیانیان پێ بگوزەرێت .

3- ئەو کەسانەی کاروباری کۆکردنەوەو دابەشکردنی زەکات هەڵدەسوڕێنن ( العاملون علیها ) : عاملون کۆی ووشەی عاملە، مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە پێشەوای موسڵمان وحکومەت ودەسەڵاتی ئیسلامی کردونی بە فەرمانبەر بۆ کۆکردنەوەی زەکات، ئەم کۆمەڵە کەسەش پێشەواو دەسەڵاتی موسڵمانان لە ماڵی زەکات هێندەی لە زەکات پێ دەدات کە بەشی ئەو ماوەیەی بکات کە دەڕوات بۆ زەکات کۆکردنەوە لەو سەریشەوە دێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم کەسانە دەوڵەمەندیش بن هەر لە ماڵی زەکاتیان پێ دەدرێت، چونکە ئەو کەسەی فەرمانبەرە و ڕاسپێردراوە بۆ ئەم کارە هەموو کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی پێی سپێرراوە، مەبەستیش لە ووشەی ( العاملون ) هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە زەکات کۆدەکەنەوە پاسەوانی دەکێشن ودابەشی دەکەن وناوی ئەو کەسانە تۆمار دەکەن کە زەکاتیان لێ وەردەگرن لە گەڵ بڕ و جۆر وکاتەکەی .

4- ( المؤلفة قلوبهم ) ئەمانە دەستە و تاقمێکن کە لەماڵی زەکاتیان پێدەدرێت؛ بۆ ئەوەی دڵیان ڕابهێنرێت لەسەر ئیسلام و ئاینی پیرۆزی ئیسلامیان لاشیرین بکرێت ئەگەر بێباوەڕ بوون، وە بۆ ئەوەش کە باوەڕەکەیان دامەزراو بکرێت ئەگەر موسڵمانانێکی باوەڕ لاواز بوون و کەمتەرخەم بوون لە بەجێهێنانی عیبادەت وپەرستنەکانیاندا، یان بۆ ئەوەی خزم وکەسوکارەکەیان ڕابکێشرێت بۆ ئیسلام، یاخود ئەو جۆرە کەسانە بوون کە داوای یارمەتیان لێ بکرێت کە کۆمەك و یارمەتی

موسڵمانان بدەن، یاخود لەم ماڵەیان پێدەدرێت بۆ ئەوەی موسڵمانان لەشەڕ و خراپەیان پارێزراو بن، و واز بهێنن لە ئازاردانیان .

5-بەندە وکۆیلەکان ( في الرقاب ): ئەم ووشەیە کۆی ووشەی ڕەقەبەیە، کە مەبەست پێی کۆیلە وکەنیزەکی موسڵمان وباوەڕدارە، ئەم جۆرە کەسانە لەماڵی زەکاتیان پێدەدرێت؛ بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن و کۆتایی بۆ کۆیلەیەتیەکەیان بهێنرێت، یان دەدرێت بەو جۆرە کۆیلانەی کە لەگەڵ خاوەنەکانیاندا گرێبەستێکیان کردووە ئەگەر هەرکاتێك برێك ماڵی دیاریکراویان دا بە گەورە وسەیدەکانیان ئەوا ئازادیان دەکەن ولەکۆیلایەتی ڕزگاریان دەبێت بۆ ئەوەی ببنە ئەندامێکی چالاکی کارا لەکۆمەڵگە، وعیبادەت وپەرستشەکانیان بەجوانترین شێوەیە ئەنجام بدەن، ئەم جۆرە لە دەستەواژە فقهیەکاندا بە ( المکاتب ) ناو هێنراون، هەروەها لە ماڵی زەکاتیش خەرج دەکرێت بۆ ئەو دیل وئەسیرانەی کە لە ژێر دەستەی دوژمناندان تاوەکو لەبریتیاندا بدرێن وئازادیان بکەن .

6-قەرزارەکان ( الغارمون ): ئەم ووشەیە کۆی ووشەی غارمە، کە مەبەست پێی ئەو کەسانەیە قەرزارن و بوون بەژێر قەرزی کەسانی ترەوە بەڵام قەرزێك کە بۆ مەعصیەت وسەرپێچی خوای گەورە نەکرا بێت، جا ئەم قەرزەی بۆ کارێکی ڕێگا پێدراوی موباحی خۆی کرد بێت، یاخود قەرزی کرد بێت بۆ ئیصلاح و چاکسازی و ئاشتکردنەوەی خەڵکانێکی تر، ئەم جۆرە قەرزارانەیش ئەگەر ماڵی زەکات هێندە زۆر بوو، ئەوەندەیان پێدەدرێت کە قەرزەکەیان لەسەر نامێنێت و قەرزەکانیان دەدەنەوە بەخاوەنەکانیان، خۆ ئەگەر ئەو کەسەی قەرزی لەبەر چاکسازی وئیصلاح وئاشتکردنەوەی خەڵکی کرد بێت ئەوا لەماڵی زەکاتی پێ دەدرێت بۆ ئەوەی قەرزەکەی پێ بداتەوە، ئەگەر چی خۆی دەوڵەمەند وپارە داریش بێت.

7- ( في سبیل الله ): مەبەست پێی ئەو کەسانەیە کە لە پێناو خوای گەورەدا جیهاد دەکەن و تیدەکۆشن، ئەوانەی خۆ بەخشانە دەڕۆن بۆ ئەو کارە و هیچ مووچە و ڕاتبێکی دیاریکراویشان لە بەیتول ماڵی موسڵمانان بۆ نەبڕاوەتەوە، ئەم جۆرە کەسانەیش لە ماڵی زەکاتیان پێ دەدرێت، ئەگەر هەژار بن یان دەوڵەمەند ؟.

8- ( ابن السبیل ): مەبەست پێی ئەو موسافیرەیە کە دەستی لە وولاتی خۆی بڕاوە و پێویستیشی بە ماڵ و پارە ودارایيە بۆ ژیان و درێژەدان بە سەفەرەکەی، ئەگەر هاتوو کەسێکی دەست نەکەوت یان شك نەبرد کە قەرزی لێ بکات .

### بابەتی دووەم : ئەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ نادرێت :

ئەو دەستە و تاقم وکۆمەڵانەی زەکاتیان پێ ناردێت، ئەمانەی خوارەوەن :

1-دەوڵەمەندەکان وئەو کەسانەیش توانا و تاقەیان هەیە و کار وکاسبی دەکەن ودەتوانن بژێوی خۆیان پەیدا بکەن، ئەویش بە بەلگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموودەیەتی : { لاحظ فيها لغني، ولا لقوي مكتسب } [1] .

واتا : ماڵی زەکات بەشی دەوڵەمەند و ئەو کەسەی تێدا نیە کە بەهێز وبازوو وکاروکاسبکارە .

بەڵام ئەو فەرمانبەرەی کە سەرگەرمی کۆکردنەوەی ماڵ وسامانی زەکاتە، لەگەڵ قەرزاریش بەشی خۆیان پێ دەدرێت ئەگەر دەوڵەمەندیش بن، وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها کەسێکی بەهێزیش کە توانای کەسابەتی هەبێت وسەرگەرمی خوێندن و زانست، وهیچ داهاتێکی نیە زەکاتی پێ دەدرێت، چونکە سەرگەرم بوون و بەدوادا چوونی زانست وزانیاری تێکۆشان وجیهادە لە پێناوی خوادا، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسی بە تواناکەسێك بوو کاتی خۆی تەرخانکردبوو بۆ عیبادەت وخواناسی سوننەت، لەماڵ وسامانی زەکات بەشی نادرێت، چونکە ئەو جۆرە عیبادەتە سوودەکەی تەنها بۆ ئەو کەسە خۆی هەیە، بە پێچەوانەی ئەو کەسەوە کە سەرگەرمی خوێندن وزانستە، کە سوود و نەفعەکەی بۆ گشت کۆمەڵگەیە .

2-زەکات نادرێت بە ئوصول و فروع وئەو ژنانەیش کە نەفەقەیان لەسەرت واجبە، بۆیە دروست نیە بۆ موسڵمان زەکات بدات بەو کەسانەی کە ژیان وبژێویان لەسەری واجبە، وەك باوکان و دایکان وباپیرەکان ودابپیرەکان، و کوڕ وکچ و نەوەکانیان، چونکە زەکاتدان بەوانە وا دەکات ئەو نەفەقە و بژێویەی کە لەسەر ئەو کەسە واجبە نەمێنێت، لە کۆتاییشەوە وای لێدێت سوود و نەفعی زەکاتەکە بۆ ئەو کەسە بگەڕێتەوە کە زاکاتەکەی لەسەر واجب بووە، وەك ئـــەوە وایە زەکاتەی دابێتەوە بەخۆی .

3-بێباوەڕانێك لەو کەسانە نین ئومێدی باوەڕهێنانیان لێ بکرێت بۆ ئەوەی دڵیان لەسەر ئیمان و ئیسلام ڕابهێنرێت، بۆیە دروست نیە زەکات بدرێت بە کەسانی بێباوەڕی لەم شێوەیە، ئەویش بە

(1) ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە (362/5)، أبو داود بە ژمارە (1633)، وە نەسائی (99/5)، وە ئەلبانی بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، ( صحيح النسائي بە ژمارە 2435) .

بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم } [1] .

واتا : زەکات لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت ودەدرێتەوە بە هەژاران و نەدارانیان، مەبەست پێی ئەوەیە لە دەوڵەمەندی موسڵمانان وەردەگیرێت و دەدرێتەوە بە هەژاران و نەدارانی موسڵمانان و نادرێت بە غەیری موسڵمان .

چونکە یەکێك لە مەبەست و مەقصەدەکانی زەکات ئەوەیە کە هەژاران و نەدارانی موسڵمانان پێداویستیان دابین بکرێت و لە سواڵکردن و دەست پانکردنەوە لە خەڵکی وازیان پێ بهێنرێت، لەگەڵ بەهێزکردنی بنەماکانی برایەتی وخۆشەویستی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی موسڵماندا، هەر بۆیە دروست نیە زەکات بدرێت بە کەسی بێباوەڕ .

4-ئال وبەیتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دروست نیە لە ماڵ وسامانی زەکات بەشیان بدرێت، ئەویش وەك ڕێز و حورمەت و شەرەفێك بۆیان، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : { إنها لا تحل لآل محمد , إنما هي أوساخ الناس } [2] .

واتا : زەکات حەڵاڵ نیە بۆ ئال وبەیتی موحەمەد، چونکە ئەوە چڵکی ماڵ وسامانی خەڵکیە .

مەبەست لە ئال وبەیتی پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) ووتراوە : نەوەکانی هاشم و نەوەکانی موطەلیبن، وە ووتراویشە کە مەبەست لێی تەنها نەوەکانی هاشمە، هەر ئەمەش ڕای دروست وپەسەندە، بۆیە دروستە زەکات بدرێت بە نەوەکانی موطەلیب، چونکە ئەوان لە ئال وبەیتی موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) نین، ئەویش بە بەڵگەی گشتگیری ئایەتەکە کە دەفەرموێت : ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ ...﴾ [ سورەتی التوبة : 60 ] نەوەکانی موطەلبیش دەگرێتەوە .

5-هەروەها دروست نیە زەکات بدرێت بە بەندە وکۆیلە و کەنیزەکە ئازاد کراوەکانی ئال وبەیتی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێت : { إنالصدقة لاتحل لنا، وإن موالى القوم من أنفسهم } [1] .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1395) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە ( 19) ڕیوایەتیان کردووە، و لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1072) ڕیوایەتی کردووە .

واتا : زەکات و صەدەقە بۆ ئێمە حەلاڵ نیە، وە بەندە وکۆیلە و کەنیزەی ئازادکراوی هەر کەس و هۆزێکیش لەخۆیانە .

مەبەست لەوەیش کە دەڵێت : لە خۆیانە، واتا : حوکمی وەك حوکمی خۆیان وایە، مادام زەکات بەخۆیان ناشێت بە کۆیلە و کەنیزە ئازاد کراوەکانیشیان ناشێت، بۆیە زەکات بە کۆیلە و کەنیزە ئازاد کراوەکانی نەوەکانی هاشم نادرێت .

6-بەندە وکۆیلە، زەکات نادرێت بە کۆیلە وبەندە، چونکە ماڵ وسامان ودارایی کۆیلە هەرچیشی هەبێت هی خاوەن و سەیدەکەیەتی، بۆیە ئەگەر هاتوو زەکاتیان پێدرا ئەوا ڕاستەوخۆ موڵکیەتی ئەو ماڵ وسامانە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەن وسەیدەکەی، دیارە نەفەقە و بژێوی بەندە وکۆیلەیش لەسەر خاوەن و سەیدەکەیەتی، بەڵام هەندێك حاڵەت لەم بنەما گشتگیرە جودا دەکرێتەوە، بۆیە زەکات دەدرێت بەو بەندە وکۆیلەی کە گرێبەستی کردووە لەگەڵ خاوەنەکەی کە بڕێك پارەی بداتێ تاوەکو ئازادی بکات، هەروەها ئەو بەندە وکۆیلانەش کە فەرمانبەری کۆکردنەوەی زەکاتن هەر لەماڵی زەکاتیان پێ دەدرێت، چونکە لەو کاتەدا وەك کرێکارێك ئیش دەکات، بۆیە دروستە بەندە وکۆیلە بە مۆڵەتی خاوەن وسەیدەکەی بەکرێ بگیررێن وکاریان پێ بکرێت .

لە کۆتاییە ئەم بەشەوە دەڵێین : هەر کەس زەکاتی دا بەم دەستە وتاقم وکۆمەڵانە لەگەڵ ئەوەی بزانێت کە زەکاتیان پێ ناشێت وپێ نادرێت، ئەوە با باش بزانێت کە گوناهبار دەبێت .

## بابەتی سێهەم : ئەو هەشت کۆمەڵەی کە باسمان کردن زەکاتیان پێ دەشێت، ئایا مەرجە لەکاتی زەکات دابەشکردندا هەر هەموویان بگرێتەوە ؟

دەڵێین : لەسەر ڕای ڕاست ودروست مەرج نیە ئەو هەشت کۆمەڵەی کە باسمان کردن زەکاتیان پێ دەشێت، زەکات دابەشکردن هەر هەموویان بگرێتەوە ؟ بەڵکو دروستە زەکات بدرێت بە هەر یەکێك لەو تاقم ودەستە وکۆمەڵانەی کە ئایەتەکە باسی کردوون، - واتا : ئەگەر هاتوو کەسێکی دەوڵەمەند ملێونێك دیناری زەکاتی هەبوو مەرج نیە ئەو ملێونە دابەش بکات بەسەر هەر هەشت دەستە وتاقم کۆمەڵەکەدا، بەڵکو دروستە بیدات بە یەکێکیان یان دوانیان یان هەر هەموویان، ئەویش بە بەڵگەی

(1) أبو داود بەفەرموودەی ژمارە (1650) و تیرموذی بەژمارە (652) ڕیوایەتیان کردووە، و لەفزەکەیش لەفزی تیرموذیە، هەروەها حاکمیش ڕیوایەتی کردووە (404/1)، تیرموذیش ووتویەتی : ئەم فەرموودە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە، هەروەها حاکم وذەهەبیش هاوڕان لەسەری، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، ( صحیح الترمذي ژمارە 530) .

ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِن تُبْدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ ۖ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ﴾ [ سورەتی البقرة : 271 ].

واتا : ئەگەر بە ئاشکراو بە پێش چاوی خەڵکی یەوە خێر بکەن، مادەم لەبەر ڕەزامەندیی خودا بێت، نەك بۆ خۆهەڵکێشان، ئەوە شتێکی چاکە، بەڵام خۆ ئەگەر خێرکردنەکەتان بەنهێنی بێت و تەنها خودا خۆی پێی بزانێت، وبیدەن بە هەژاران ئەوە چاکترە بۆتان .

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم } [1].

واتا : زەکات لە دەوڵەمەندەکانیان وەردەگیرێت ودەدرێتەوە بە هەژاران و نەدارانیان.

وە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە دەفەرموێت : { أقم عندنا حتى تأتينا الصدقة فنأمر لك بها } [2].

واتا : کەسێکی هەژار هاتە لای پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و داوای پێداویستی خۆی لێکرد، ئەویش پێی فەرموو : لامان بمێنەوە تاوەکو ئەو کاتەی زەکاتمان بۆ دێت، هەرکاتێك هات فەرمان دەکەین بەشت بدەن .

ئەم بەڵگانەی کە باسمانکردن بەڵگەن لەسەر ئەوەی مەبەست لە ئایەتی : ﴿ ۞ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ ...﴾ [ سورەتی التوبة : 60 ]، ڕوونکردنەوەی ئەو کەسانەیە کە زەکاتیان پێدەشێت، نەك گشتگیر کردنیان, کە مەرج بێت زەکات بەهەموویان بدرێت .

## بابەتی چوارەم : دەربارەی گواستنەوە و نقلّ کردنی زەکات لە شار و جێگایەکەوە بۆ شار وجێگایەکی تر .

دروستە لە بەر پێویستی زەکات لە شار و جێگایەکەوە بۆ شار وجێگایەکی تری دوور یان نزیك بگوازرێتەوە و نقلّ بکرێت، بۆ نموونە : ئەگەر هاتوو ئەو شارە دوورەی کە زەکاتەکەی بۆ نقلّ دەکرێت ڕێژەی پێداویستی وهەژاران زیاتر بێت، یان ئەگەر ئەو کەسەی کە زەکاتەکە دەردەکات لەماڵ وسامانی خزمانێکی نزیکی هەژاری خۆی لەو شارە دوورترە هەبن وەك هەژارانی شارەکەی خۆی وابن، وە ناردن و نقلّ کردنی زەکاتەکەش بەرژەوەندیەکی باشتری پێ تەحقیق بکرێت، چونکە لە

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1395) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە ( 19) ڕیوایەتیان کردووە، و لەفزەکەش لەفزی موسلیمە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە ( 1044) ڕیوایەتی کردووە .

هەمان کاتدا دەرکردنی زەکات بۆ خزمانی هەژار هەم بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم وخزمایەتیە و هەم ئەدا کردنی واجبەکەشە .

ئەو ڕایەیشی کە دەڵێت : دروستە زەکات لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەتی تر نقلْ بکرێت وبگوازرێتەوە ڕای ڕاست ودروسترە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئایەتەکە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ * إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ ...﴾ [ سورەتی التوبة : 60 ]، بەشێوەیەکی گشتگیر باسی ئەو هەشت دەستە و تاقمەی کردووە کە زەکاتیان پێدەشیت، کە مەبەست پێی هەژاران و نەداران لەهەر کوێیەك بوون دروستە زەکاتیان پێ بدرێت ..

خوای گەورەش زاناترە ..